


کامەران رەئوف :

# چەند ناهونەرمەندێک بوونەتە ڕێگر لەبەردەم هونەری راستەقینە



**ماوەی چەندین ساڵە کامەران رەئوف لە بواری هونەری شانۆ و نواندن و دەرهێنان و سینەمای کوردیدا چالاکی هەیە، چەندین هونەرمەندیش لەسەر دەستی ئەو پێگەیشتوون و ئێستا بوونەتە ناو لە بواری نواندن، لەم دیمانەیەشدا وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵان دەداتەوە و چەند بەسەرهاتی خۆیشی باس دەکات.**

**● باوکتان لە بواری سەربازی کاری دەکرد، چۆن بوو ئێوە رووتان لە بواری هونەر و نواندن کرد؟**

- رەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە دوکانی حاجی مەجید توتنچی باپیرم لە بەرامبەر سینەما سیروان بوو، هەموو بەیانیان باپیرم لەگەڵ خۆی دەبردم بۆ دوکان بۆ ئەوەی لە کۆڵان شەڕ نەکەم لەگەڵ منداڵان، کە سەیری شیتی فیلمەکانم دەکرد وەك خەونێکی پەمەیی بوو لە لام، هەروەها باپیرم زۆر جار لەگەڵ مامم دەیناردم بۆ سینەما، یاخود لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە منداڵ بووین دایکم شەوان چیرۆکی بۆ دەگێڕامەوە، ئیتر من دەچوومە نێو جیهانی چیرۆکەکان و وشەکانی دایکم دەکردە وێنە و لە واقیع دادەبڕام.

**● کە دواتر رووت لە هونەر کرد چ وەك دەرهێنان، یان وەك ئەکتەر، مامۆستا ئەحمەد سالار لە پێگەیاندنتا وەك هونەرمەند چ رۆڵێکی هەبوو؟**

- کە بڕیارم دا بچم بۆ پەیمانگەی هونەرە جوانەکان پرسیارم کرد ئەو خاڵانە کە پێویستە ئەو قوتابییە دەچێتە پەیمانگە پێویستە بیزانێت، وتیان پێویستە دیمەنێك ئامادە بکەیت و دیمەنێکی پانتۆمایمی بێ گفتوگۆ پێشکەش بکەیت، هەروەها پێویستە ئاستی رۆشنبیریت بەرز بێت لە بواری شانۆدا، بۆیە چووم بۆ لای مامۆستا ئەحمەد سالار کە بۆ ماوەی ٢-٣ مانگ راهێنانی پێکردم و چەند خاڵێکی گرنگی بۆ شیکردمەوە و پێی ئاشنا کردم بۆ ئەوەی بزانم لە رۆژی چاوپێکەوتن چیبکەم، ساڵانێکی زۆریش لەگەڵ مامۆستا ئەحمەد سالار کاری هونەریمان کردووە و بە مامۆستایەکی ئازیزی خۆمی دەزانم.

**● باوکت دەیزانی کە مامۆستا ئەحمەد سالار یارمەتیت دەدات، دەڵێن سەربوردەیەکی خۆشیان هەیە بە یەکەوە ئەمە چۆن بوو؟**

- باوکم لە تەجنیدی سلێمانی بوو، رۆژێکیان لەگەڵ مامۆستا حیکمەت هیندی بە یەکەوە چوون بۆ تەجنید، کاتێك باوکم ناوەکەی بینیوە و ناسییەوە و دەیزانی کە راهێنانم پێدەکات، بۆیە زۆر رێزی گرتبوو، دواتر پێی گوتبوو تۆ بڵێی کامەران ببێ بە ئەکتەرێکی ناودار وەك ئەکتەرەکانی هۆڵیود، مامۆستا ئەحمەدیش زۆر بە باشی باسی منی کردبوو، پێی گوتبوو کە من هەستێکی باشم هەیە بۆ کاری هونەری و لە بوارەکەدا سەرکەوتوو دەبم.

**● هۆی چییە زۆربەی ئەکتەرەکان بە کار کردن لەگەڵ تۆدا ئاسوودەن؟**

- باشتر وایە ئەمە لە هونەرمەندەکان خۆیان بپرسی، لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە من مرۆڤێکم عاشقی کارەکەمم و بە جددی کاری بۆ دەکەم و لە رۆژانی راهێنان خۆم بە تەواوی ئامادە دەکەم و لە هونەر دەگەم و دەزانم هونەرمەند چییە و رێزێکی تایبەتیشیان دەگرم، بەڵام وەڵامی زیاتری ئەم پرسیارە لای ئەوانە.

**● باوکت لە کەسایەتییە ناسراوەکانی شاری سلێمانییە، ئەو ناوبانگەی باوکت هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ناساندنت وەك هونەرمەند هەبووە؟**

- لەو باوەڕەدا نیم، چونکە من پەیمانگە و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانم لە بەغدا تەواو کرد و جیهانی سەربازی و





هونەری پەیوەندییەکی زۆریان بەیەکەوە نییە.

**• بە حوکمی ئەوەی لە بەغدا بووی لەگەڵ هونەرمەندە عەرەبەکانیش کارت کردووە، نهێنی ئەو سەرکەوتنەی تۆ لە کوردستان و بەغدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- من کە لە بەغدا بووم قوتابی بووم و ئێستاش خۆم بە قوتابی هونەر دەزانم، چونکە هونەر جیهانێکی زۆر فراوانە، هونەرمەندە عەرەبەکان و مامۆستاکانم هەستیان بەوە کردبوو کە من بە بەردەوام دەمەوێ فێر بم، ئەوانیش مامۆستای گەورە بوون و دەرچووی ئەمریکا و رووسیا و ئیتاڵیا و بەریتانیا بوون و نهێنی و سیحری هونەریان دەزانی، بۆیە ئەو کەسانەیان خۆشدەویست کە هەمیشە خۆیان بە قوتابی بزانیبایە و بە جددی هەوڵ بدات و عاشقی کارەکەی بێت و قووڵ بێتەوە لە هونەر و لە هەمان کاتدا بە سادەیی سەیری ئەم جیهانە قووڵە نەکات، دەتوانم بڵێم نهێنی سەرکەوتنم لەمەدا بووە و ئێستاش مامۆستاکانم وا باسم دەکەن کە قوتابییەك بووم هەوڵمدەدا فێر بم.

**• کە لە بەغدا بووی هەستت بە کەموکوڕییەکانی هونەری کوردی و بەتایبەتی نواندن کردووە بە بەراورد لەگەڵ هونەری عەرەبی یاخود عێراقی؟**

- ئەوسا شانۆی کوردی ئەو ڕێچکە زانستییەی وەرنەگرتبوو کە پێویستە هەبێت، زۆر لە برا هونەرمەندەکان لە دەرەوەی خوێندن و ئەکادیمی بوون هاتبوون، پێویستە ئەوانەی لە بواری نواندن و هونەردا کار دەکەن ئەو شارەزایی ورۆشنبیرییە هونەری و کۆمەڵایەتییەیان هەبێت کە بتوانن لەگەڵ بینەر قسە بکەن و گوتارێکیان بۆی هەبێت، ئەو ململانێیە هەبوو لە نێوان ئەو چەند کەسە بچکۆلە کەمەی کە لە ئاستێکی باشدا بوون و پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدایان تەواو کردبوو لەگەڵ ئەو هونەرمەندانەی کە بە زەوق و سەلیقە ببوون بە هونەرمەند، ئەمە کێشەی شانۆی کوردی بوو لەو سەردەمە.

**• زیاتر لە نواندن سەرکەوتوو بووی یان لە دەرهێنان؟**

- هەر بوارێك کە بتوانم هەناسەیەکی قووڵی تێدا هەڵبمژم، هەندێك دەق هەیە من حەز دەکەم کاری نواندنی بۆ بکەم، لە بەرامبەردا هەندێکی دیکە حەز دەکەم دەرهێنانی تێدا بکەم چ لە بواری شانۆ، یان لە بواری سینەما.

**• ئێستا تەکنۆلۆژیا هاتووەتە نێوا بواری هونەریش وەك هەموو بەشەکانی دیکەی ژیان کە لەسەردەمی پێشوو ئەمە نەبوو، بەڵام لە جیاتی ئەوەی سوود لە تەکنۆلۆژیا وەربگرین، هەست دەکەین هونەری کوردی لە پاشەکشێدایە، ئەم پاشەکشێیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەگەر سەیری مێژووی کورد و کوردستان بکەین، دەبینین بە درێژایی مێژوو لە ژێردەستی دوژمن بووە، جا تورك، یان عەرەب، یان فارس بێت، دوژمن بەر لەوەی خاك داگیر بکات، هەوڵی لەناوبردنی هونەر و کەلتوور و رۆشنبیری ئەو میللەتە دەدات و ئەو بەهایانەی کە مرۆڤایەتی شانازییان پێوە دەکات، زەوتیان دەکات، دوای راپەڕین و ئازادبوونی کوردستان ئەو بارودۆخە ناهەموار و نەخوارزاوەی کە لە کوردستان درووستبوو، بووە هۆی ئەوە کە هیچ پلان و بەرنامەیەك نەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری و رۆشنبیری کوردی کە دوژمنان زەوتیان کرد بوو، هەر ئەمەش بووە هۆی کە لە ڕێگەی وەزارەتەکانی وەك رۆشنبیری و پەروەردە هەندێك کەس لە بواری هونەرییەوە بێنە مەیدان و باڵادەست بن، کەوا باکگراوەندێکی هونەری و رۆشنبیرییان نییە و هیچ پلانێکیان نەبێت بۆ ئەوەی چیبکەن و چۆن ئاسەواری داگیرکردنی عەقڵی کورد بسڕنەوە و ئاستی هونەری بەرز بکەنەوە، لە کاتێکدا دەبینین ئەوەی وڵاتان شانازیی پێوە دەکەن، ئاستی رۆشنبیری و هونەرییانە، چونکە هونەر بەو رۆحە دادەنرێت کە دەکرێت بە جەستەی کۆمەڵگەدا.

**• ئەو پاشاگەردانییەی کە هەیە هەموو بۆ بارودۆخ دەگەڕێتەوە، یاخود بینەریش لە هەندێکی بەرپرسە؟**

- نەخێر بینەر هیچی ناکەوێتە ئەستۆ، بەڵکو هۆکارەکەی دوولایەنی دیکەیە، یەکەمیان دەوڵەتە کە پلانێکی روون و ئاشکرای نییە و لایەنی دووەمیش هونەرمەندانن کە کار دەکەن دەبینین دەستبەرداری بەها جوانەکان دەبن، هەروەها لە هەموو بوارەکانی هونەریدا دەبینین لەشکرێك ناهونەرمەند هاتوونەتە ناو هونەر و دەبنە ڕێگر لەبەردەم هونەرە راستەقینەکە، چونکە

ئــەوان دەزانن لە چ ســـووچ و کونەبەرێکەوە دێنە نێو بوارەکە، بەڵام ئەو هونەرمەندەی رێز لە خۆی و لە هونەرەکەی دەگرێ، دوورەپەرێز دەبێت و لەوانەیە بە درێژایی مێژوو واز لە هونەریش بهێنێت، چونکە رەنگە نەتوانێت بگاتە ئەو شوێنانەی کە بودجە بۆ کارەکەی دەستەبەر دەکەن.

**• پەیوەندیـــی نێوان خودی هونەرمەندان ئێـــستا و جاران چ جیاوازییەکی هەیە؟**

- دەتوانـــم بڵێم جاران پتەوتر بوو، چونکە ئامانجێکمان هەبوو کە لەگـــەڵ کارە هونەرییەکە جۆرێك لـــە خەبات هەبوو، ئەو رۆحییەتـــە هەبوو کە تۆ چی پێشـــکەش بە کۆمەڵگە بکەی و چۆن بگەینە ئاســـتی شۆڕشگێڕی و خۆڕاگری، ئەو کات ئێمـــە لە بودجەی خۆمان و بە پـــارەی خۆمان کارمان دەکرد، بەڵام ئێستا سەیر دەکەی شتەکان گۆڕاون، ئەو هونەرمەندانەی ئەوســـا یەك دەســـت و یەك دڵ و هاوبیر بوون، ئێســـتا دژی یەکترین و ئەو هەوڵە دەدەن کەوا کامیان زیاتر بچێتە پێشەوە.

**• وەك کامـــەران رەئـــوف زیاتر لـــە کام هونەرمەند نزیکتر بووی؟**

- من زیاتر لەگەڵ مامۆســـتا ئەحمەد ســـالار بووم، رۆژانە لەگەڵ تیپی پێشـــڕەوی شـــانۆی کوردی و مامۆستا کەمال ســـابیر و حەمە رەشید هەرەس و ئازادی حەمە بچکول، پاشان مامۆستا ئەحمەد ســـالار تیپی شانۆی سالاری دانا و منیش یەکێـــك بووم لـــە دامەزرێنەرانی لەگەڵ کەمـــال هەنجیرە و مامۆســـتا بەدیعە دارتاش، ئێمە زیاتر پێکەوە بووین و رۆژانە گفتوگۆمان دەکرد لەسەر بەرهەمە هونەرییەکان.

**• ئەو سەردەمە رۆڵی ئافرەت لە هونەردا چۆن بوو بەتایبەتی لە سلێمانی؟**

- بە گشـــتی زۆر باش بوو، هیچ کاتێك نەبووە کە کچێکمان دەست نەکەوتبێت بۆ رۆڵێکی دیاریکراو، لە سەرەتای شەستەکان رەنگـــە ئەم گرفتە هەبووبێت، بەڵام چەنـــد کورێك هەبوو کە رۆڵـــی ئافرەتیان بینیوە، لەوانە کاك عومەر چاوشـــین و کاك وەهاب، ئەگینـــا لە کۆتایی حەفتاکان و تاکو ئێســـتاش ئەم گرفتەمان نییە.

**• لە کۆتاییدا چی ماوە بیڵێی؟**

- دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە مامۆستا ئەحمەد سالار کاتێك چـــوو بووە لای باوکم تۆزێك ترســـی هەبوو باوکم گلەیی لێ بکات کـــە هانیدا بم بچم بۆ پەیمانگە، چونکە کاتێك چوومە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان باوکم ئەمەی رەتکردەوە و دەیوت ببە بە دکتۆر، پارێزەر، ئەندازیار، ترسی مامۆستا ئەحمەد لەوە بـــوو، کاتێك چووم بۆ تاقیکردنـــەوە چەند حەبێکم خواردبوو و تەلەفۆنم بۆ برادەرێکم کردبوو بە ناوی سالار فەخری و پێم وت کە من تاقیکردنەوەم ئەنجامداوە و حەبیشـــم خواردووە، ئەویش ئۆتۆمبێلێکی هێنا و منی برد بۆ نەخۆشـــخانە و تا درەنگانی شەو لە نەخۆشـــخانە مامەوە و برێك خوێیان دەرخوارد دام بۆ ئەوەی برشـــێمەوە و حەبەکان بێنمەوە، ســـەیرەکە لەوەدا بوو کە کەوتبووم کارمەندێك هات وتی دکتۆر ژووری نەشـــتەرگەری ئامادەیـــە، منیش کە گوێم لێ بوو وامزانی ســـگم هەڵدەبڕن یەکســـەر هەســـتامەوە و وتم دکتۆر پێویست بە نەشتەرگەری ناکات، من باشم، دکتۆرەکە وتی: مەترسە نەشتەرگەری بۆ تۆ نییە، منیش لە بیرم چوو، دووبارە خۆم وەك مردوو لێکردەوە .

## پرۆفایل

هونەرمـــەند (کامـــەران رەئوف مەجید) لە ١٩٥٥/٦/١١دا لە شاری کەرکووك لە دایك بووە.

بە هۆی بارودۆخی سیاســـیی ئەو سەردەمە، ماوەیەك لە شـــارەکانی کەربەلا و حلە و دیوانییە و بەغدا نیشـــتەجێ بوون، بەڵام دواجار هەر لە شـــاری ســـلێمانی نیشـــتەجێ بوونەتەوە.

قۆناغـــی خوێندنی ناوەندیی لە ناوەندی شـــۆڕش تەواو کردووە و پاشـــان لە ســـاڵی ١٩٧٢_ ١٩٧٣ـــدا چووەتە پەیمانگـــەی هونەرەجوانـــەکان و ســـاڵی ١٩٧٦ _١٩٧٧ خوێندنی لە پەیمانگە تەواو کـــردووە و بە یەکەم دەرچووە و پاشـــان چووەتە پاریس و لە زانکۆی سۆربۆن وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی هەندێ هۆکاری تایبەتەوە نەیتوانیوە بەردەوام بێت لە خوێندن و گەڕاوەتە بۆ کوردستان و لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان وەرگیراوە و ساڵی ١٩٨٢_١٩٨٣ خوێندنی تەواو کردووە.

نزیکـــەی (٥٠) بەرهەمی شـــانۆیی و (٢٠) بەرهەمی درامی و تەمســـیلی و سینەمایی هەیە و ئێستا بە پلەی شـــارەزا فەرمانبـــەرە لـــە وەزارەتی رۆشنبیری.

